# رۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد



هاوڕێ باخەوان

لە بڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی کوردیپیدیا - ٢٠١٦

# رۆڵی ڕووداوەکانی شنگال لە پێشخستنی دۆزی کورد

هاوڕێ باخەوان

٢٠١٦

لە بڵاوکراوەکانی رێکخراوی کوردیپێدیا

# ناوەڕۆک

پێشەکی 3
ئەنفال چەندبارە بووەوە! ئایا شنگال دووایەمین دەبێت؟ 4
دادگا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن چی بۆ شنگال بکەن؟ 7
چۆن شنگال بکرێتە "دوا"یەمین ئەنفالی کورد؟ 9
هەوڵە نێوخۆییەکان 11
هەوڵە دەرەکییەکان 15
سوودوەرگرتن لە نەتەوە جینۆسایدکراوەکانی تر 18
سەرچاوەکان 19
سەرچاوە کوردییەکان 19
سەرچاوە ئینگلیزییەکان 20

# پێشەکی

چی بکرێت بۆ شنگال و کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان؟ چۆن بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژییەوە بارودۆخی کوردە ئێزدییەکان باشتر بکرێت و بەهۆشییەوە دۆزی کورد بەرەوپێشەوە ببرێت؟ چەند پرسێکی گرنگن و وەڵامەکانیان ئاسان نین!

پێشتر نەمانزانی بەتەواوەتی چی بۆ ئەنفال، کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان، هەڵەبجە و کارەساتەکانی تر بکەین. بۆیە نە بەباشی توانیمان قوربانییەکانمان ئاسوودە بکەین، نە توانیشمان گوزەرانی بەجێماوەکانیان باشتربکەین. بۆیە تائێستاش بریندارانی کیمیایی چارەسەری تەواو وەرناگرن و بەهۆی برینەکانیانەوە دەمرن. رۆژی ١٦ی مارتی ٢٠١٦، پاش ٢٨ ساڵ ململانێ لەگەڵ ئەو نەخۆشییانەی کە بەهۆی کیمیابارانی هەڵەبجەوە تووشی حاجی باقی هەڵەبجەیی بوو، لە ٢٨ەمین ساڵڕۆژی کارەساتەکەدا بەهۆیەوە گیانی لەدەستدا! ئەمە لە کارەساتەکە کارەساتترە.

گەر بەباشی کار بۆ شنگال و کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان نەکرێت، پاش ٢٨ ساڵی دی یەک لە رزگاربووانی دەستی دەوڵەتی ئیسلامی یان بەجێماوەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە بەهۆی ئەو گرفتە دەروونییانەی لەئەنجامی کارەساتەکەدا تووشی بووە، جەڵتەی مێشک لێیدەدات و بە نائاسوودەیی، نائومێدی و دڵشکاوی سەردەنێتەوە.

پێویستە رێ لەم کارەساتانە بگیرێت و کاری جددی بۆ کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان بکەین. **پێویستە جارێکی تر کۆمەڵکوژیی کورد دوبارە نەبێتەوە.**

ئەم باسە تاوتوێی ئەوە دەکات؛ ئایا دەبێت تێهاتە ناوخۆییەکان چۆن خزمەتی دۆزی کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان بکەن؟ و چۆنیش دەرهاتەکان رێکبخەین؟ تا هەردوویان پێکەوە سەرئەنجامێکی لۆژیکییانە بەدەستەوەبدەن و راستەوخۆ بخرێنە خزمەتی کوردە ئێزدییەکان و ناڕاستەوخۆش ببنە هۆی پێشخستنی دۆزی کورد.

هاوڕێ باخەوان

کوردستان – هەولێر

ئاپریلی ٢٠١٦

## ئەنفال چەندبارە بووەوە! ئایا شنگال دووایەمین دەبێت؟

وادەزانرا کە چیدی ئەنفالی کورد دوبارە نابێتەوە! پێش ڕووداوەکانی شنگال لە ئۆگەستی ٢٠١٤، ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی بەعس بەتەواوی هێز و جبەخانەی خۆیەوە یەک لە گەورەترین تاوانەکانی خۆیی دژی کورد ئەنجامدا. ئەم هێرشە بە هەموو پێناس و واتایەکی، هێرشی جینۆساید و کۆکوژکردنی کورد بوو لە باشووری کوردستاندا و ناوی نرا ئەنفال. ئەگەرچی هیچ ئامارێکی فەرمی بۆ ژمارەی قوربانییانی ئەم شاڵاوە نییە، بەڵام ژمارەی قوربانییان لە سەد هەزار زۆرترە.[1]

چەند ساڵێک پێش کارەساتی شنگال، کۆمەڵکوژیی کوردە زرگۆشییەکان ڕوویدا. پێشتریش هەر لەم ساڵی ١٩٨٨ کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ١٦ی مارتدا ڕوویدا. لەم کارەساتەدا هەزاران کەس خنکان و ئاوارەی ناوچەکانی باشوور و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون.[2] ساڵی ١٩٨٣ هەمان ڕژێمی بەعس قەتڵوعامی کوردە بارزانییەکانی کرد. زۆرینەی ئەوانە لە ئۆردوگای قوشتەپەوە بەرەو ماشێنەکانی مەرگ بردران.[3] پێشتریش لە ١٩ی ژونی ١٩٦٣ حەرەس قەومییەکانی ئێراق لە سلێمانی جینۆسایدی زۆرێک لە گەنجان و پیاوانی کوردی ئەنجامدا[4]. دیسانیش هەر هەمان ئەم حەرەس قەومییە عەرەبییە لە مانگی ئۆگەستی ١٩٦٩، نزیکەی ٦٧ ژن و منداڵی خەڵکی هەردوو گوندەکانی "دەکا و خورت"یان پاش سووتاندنی گوندەکان لە ئەشکەوتێکدا بە گازی کیمیایی قاندا و کۆمەڵکوژیانکردن.[5]

گەر زۆرتر بە مێژوودا شۆڕببینەوە کارەساتی گەورەی دێرسیم دەخوێنینەوە کە چۆن تورکەکان هەزاران کوردیان کۆمەڵکوژکرد و دەیان هەزار کوردیشیان لە زێدی خۆیان گواستەوە بۆ ناوچەکانی تری تورکیا[6].

دیارە لە مێژووی کۆنتردا ڕووداوی کۆمەڵکوژیی تری زۆر ڕوویداوە و لێرەدا ریزکردنیان بەپێویست نازانرێت.

کۆمەڵکوژییەکان هەر تەنها لەلایەن ناکوردەوە بۆ کورد نەبووە، بەڵکو هەندێکجار خودی کورد کۆمەڵکوژیی کوردی کردووە! لەم کۆمەڵکوژییانەدا کوردی ئێزدی پشکی شێری بەرکەوتووە. لەوانە هەردوو هێرشی پاشای کۆرەی سۆران و بابانییەکان بۆسەر کوردە ئێزدییەکان بەناوی غەزاوە و کۆمەڵکوژکردنیان[7].

---

[1] پێدەچێت ژمارەی زۆر بەکارهاتووی ١٨٢ هەزار بۆ قوربانییانی کارەساتی ئەنفال تەنها ژمارەیەکی مەزەندەکراوی دوور لە ڕاستی بێت. هیچ سەرچاوەیەکی نە کوردی نە ناکوردی ئەم ژمارەیەی بەتەواوەتی نەسەپاندوە. پێدەچێت ژمارەکە زۆرتر بۆ سۆز و ڕاکێشانی ڕای گشتی بێت بۆ دۆزی کورد. تا ئێستا نەزانراوە ئەم ژمارەیە زۆرترە یان کەمترە.

[2] ژمارەی قوربانییانی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە بە ٥ هەزار قەبڵێنراوە. ئەم ژمارەیەش هەروەک قوربانییانی ئەنفال بەتەواوی ڕاست نییە! ئەو ناوانەی کە لە مۆنومێنتی ئەنفالدا هەڵواسراون بەدڵنیاییەوە زۆر کەمترن لە ٥ هەزار. هەڵبەت ئەم ژمارەیەش هەر پەیوەندیی بەو هۆکارەوە هەیە کە لە ژێدەری پێشوودا باسکراوە.

[3] دیسانەوە ئەم ژمارەیەش بە ٨ هەزار قەبڵێندراوە. هیچ سەرچاوەیەک ئەم ژمارەیە پشتڕاستناکاتەوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە چەند هەزار نێرینەیەکی کوردی بارزانی لەم پڕۆسەیەدا جینۆسایدکراون. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، دەبووایە هەر زوو ئەم تەمەی بڕەواندایەتەوە و ڕاستی و دروستیی ئەو ژمارانەی دەربخستایە! بڕوانە ژێدەرەکانی پێشوو.

[4] شەهیدانی 9ی حوزەیرانی 1963، چەند لاپەڕەیەکی خوێناوی لە خەباتی گەلی کورد، کۆمەڵێک نووسەر، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانیی سلێمانی، ٢٠٠٢

[5] هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی ڕوون – سلێمانی – 1999.

[6] ئەمە لە دەرسیم ڕوویدا؛ لە دەمی قوربانییەکانەوە، مونزور چەم، وەرگێر: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، 2013

[7] ئێزیدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، نووسینی: سەربەست حسێن، چاپی دوهەمی ئەم کتێبە لەساڵی 2002دا لە لایەن مەکتەبی بیرو هۆشاریەوە بڵاوکراوەتەوە.

تەنانەت هێرشەکانی هۆزی شکاک بۆسەر موکریان و تاڵانکردنی مەهاباد بۆ چەند جارێک دەکرێت بخرێتە قاڵبی کۆمەڵکوژیی ناوخۆییەوە. ئەمانە ڕووداوگەلێکن کە نەدەبووایە لە مێژووی کوردا ڕوویانبدایە![8] تاوانەکانی ئەنسارولئیسلام لە گوندی خێڵی حەمە[9] و زۆرێک لە ڕووداوەکانی جەنگی ناوخۆش دەچنە چوارچێوەی کۆمەڵکوژییەوە.

پرۆسەی کۆمەڵکوژی بووەتە خەسڵەتێکی بەرچاوی مێژووی کۆن و نوێی گەلی کورد. هەر جارێک ڕوویبدابێت، وا زانراوە کە چیدی دوبارە نابێتەوە. ئەمە جگە لە کاڵفامیی کورد خۆی! هۆیەکەی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ لەرزۆکیی ئاساییشی نەتەوەیی و باش پاسنەکردنی سنوورەکانی. هەروەها شوێنی جیۆپۆلیتیکی کوردستانیش هۆکارێکی ترە کە کەوتۆتە دڵی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە[10]. ئەم ناوچەیە بەتایبەتی باشووری میزۆپۆتامیا هەر لە دێرزەمانەوە مۆڵگەی کۆمەڵکوژی و کوشت و کوشتار بووە. زۆرینەی کۆمەڵکوژیی سۆمەر، بابل، ئەکەد، ئاشوور، ماد و پاشان شەڕی خەلیفەکانی ئیسلام لەم ناوچەیەدا بوون و پێدەچێ کاریگەریی جینەتیکی لەسەر مێشک و نەریتی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەدا دانابێت بۆ حەزکردنیان بە کوشتن و کۆمەڵکوژکردنی کەسانی تر[11]!

پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ی باشووری کوردستان، ڕایەکی وا هاتە ناوانەوە کە ئیتر کۆتایی بە هەنگاوی کارەساتاویی ئەنفال و کیمیاباران هات. بەڵام ئەوەی لە ئۆگەستی ٢٠١٤ لە شنگال ڕوویدا زۆر لەوان کاریگەرتر و کارەساتاویتر بوو لەبەر ئەم هۆیانە:

- لە ماوەیەکی پێوانەییی زۆر کەمدا، ڕووبەرێکی زۆری خاکی کوردستان کە زۆرتر لە ١٠ ساڵ ئازاد و لەلایەن کورد خۆیەوە پارێزگاریی لێدەکرا، داگیر و خاپوورکرا.
- دانیشتووانی شنگال، زوممار، شارەدێ و گوندەکانی دەوروبەری کۆمەڵکوژکران. هەزاران ئافرەتی کوردی ئێزدی کرانە سەبییە و دەستدرێژییان کرایە سەر و زۆرینەشیان لە بازاڕەکانی ڕەققە و موسڵ وەک کۆیلە فرۆشرانە پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامی.
- داگیرکردنی ئەو ناوچانە بووە هۆی کێشمەکێشی ناوخۆیی و خەتابارکردنی یەکتری. ئەمەش بووە هۆی خراپتربوونی باری ناوخۆیی کوردستان و دواکەوتنی ڕزگارکردنەوەی دەسبەجێی ناوچەکان کە زۆرتر لە ساڵێکی خایاند. بەڵام دیارە هێشتا بە هەزاران مرۆڤی کوردی ئێزدی کە زۆرینەیان ئافرەتن هەر لەلای دەوڵەتی ئیسلامی دیلن.
- ڕووداوەکانی شنگال جگە لەوەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە باشووری کوردستانەوە هەبوو، بەڵام بووە هۆی تامپۆنێکی سیاسیی نێوان سێ پارچەی کوردستان؛ باشوور، باکوور و ڕۆژئاوا کە هەریەکەیان خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی دۆزی شنگال و ڕزگارکردنی دەزانی.
- ناڕاستیی ڕای سیاسی و ڕۆشنبیرانی کورد خۆی، دەربارەی ئەوەی کە چیدی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کورد دوبارە نابنەوە. بەڵام لە کارەساتەکانی پێشووتر خراپتر ڕوویدا.

---

[8] گەلێک سەرچاوە هەن کە باس لە تاڵانیی شکاکییان بۆ مەهاباد دەکەن، تەنانەت هێمن موکریانیش لە هەندێک نووسینیدا باسی ئەمەی کردووە، دیارە هیچ کام لەو سەرچاوانە ئەم تاڵانکردنەیان بە کۆمەڵکوژی پێناس نەکردووە! بەڵام دەکرێت شانبەشانی کۆمەڵکوژیی خودی کورد بۆ کوردە ئێزدییەکان لەلایەن هەندێک لە میرانی سۆران و بابانەوە، ئەمەیش وەک کۆمەڵکوژی پێناس بکرێت.

[9] کوردستان و پۆست-داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو، ٢٠١٦

[10] ئاڵای کورد بۆچی نا؟! تاکوکەی؟!، هاوڕێ باخەوان، کوورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی-ڕامیارییە، چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (117) - 2001 - سلێمانی.

[11] ئێراق، وڵاتی خوێن و دژەکان، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند.

- ناڕاستیی رای سیاسی و رای گشتیی کوردستان بەوەی کە باشووری کوردستان گرنگیی تایبەتیی لە هاوکێشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکاندا هەیە و پارێزراو دەبێت لەهەر دەستدرێژییەکی دەرەکی.
- بێئاگایی دەزگای هەواڵگریی کورد لە پێشبینیی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسلامی[12].

**دەکرێت زۆر هۆی تریش هەبن. بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە؛ ئایا شنگال دەبێتە دوایەمین ئەنفال؟**

رووداوەکانی ئەم دواییەی باکووری کوردستان و کۆمەڵکوژیی جزیرە و سووری ئامەد کە هەزاران مرۆڤی کوردی تێدا تاک و کۆمەڵکوژکرا لەلایەن تورکەکانەوە یەکەمین وەڵامی ئەو پرسیارەن و وەڵامی دیش دێن ئەگەر گرنگیی تەواو بە رووداوێکی بۆ نموونە وەک شنگال نەدەین کە زۆر نوێیە و بەدەردی ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجە نەبرێت.

[12] کوردستان و پۆست-داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، ٢٠١٦

## دادگا نێودەوڵەتییەکان دەتوانن چی بۆ شنگال بکەن؟

پرسیارێکە و زۆر دەکرێت! پێشتریش چ بۆ کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان، ئەنفال و هەڵەبجە هەمان پرسیار کراوە. زۆرجار ئەو کەس و لایەنانەی کە لە کەیسەکانی بەتایبەتی ئەنفال و هەڵەبجەدا کاریان کردووە بەئاشکرا خواستییان ئەوە بووە کە بۆ نموونە یەک لەو کەیسانە ببەنە بەردەم دادگای دادی نێودەوڵەتی!

لە بارەی دادگا نێودەوڵەتییەکانەوە، باش دەبێت ئەگەر سەرنجی ئەم خاڵانەی خوارەوە بدرێت. خاڵەکان تەنها دەربارەی ئەو دادگایانەن کە لە ئێستا چالاکن و زۆرینەشیان شاری لاهای کایەی کاریانە، هەندێک لەم دادگایانە گشتین و سەیری کەیسی جوداجودا دەکەن. هەندێکیشیان ئەگەرچی نێودەوڵەتین بەڵام تەنها سەیری کەیسێکی دیاریکراو دەکەن:

- **دادگای دادی نێودەوڵەتی – ICJ؛** ئەم دادگایە ساڵی ١٩٤٥ دامەزراوە و لە ساڵی ١٩٤٦ەوە کارابووە، بنکەی دادگاکە لە "کۆشکی ئاشتی"ی شاری لاهایە و سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. تەنها سەیری ئەو کەیسانەی کردووە کە لایەنە دژبەیەکەکانی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتییان هەیە. لێرەدا دەوڵەتی ئیسلامی ئەگەرچی دیفاکتۆ-دەوڵەتییە بەڵام کەسایەتیی نێودەوڵەتی نییە و بەوپێیە دادگای دادی نێودەوڵەتی بەهیچ جۆرێک ناتوانێت هیچ کارێک لەم کەیسەدا بکات. بەڵام دەکرێت بەپێی ماددەی ٦٥ی یاساکەی را و ئامۆژگاریی خۆی بدات ئەگەر هەر لایەنێکی ڕێپێدراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لێبکات[13].
- **دادگای تاوانی نێودەوڵەتی – ICC؛** تێکەڵی و بێسەروبەرییەکی زۆر لە وتارە کوردییەکاندا لەبارەی ئەم دادگایە و ئەوەی پێشوو، دادگای دادی نێودەوڵەتی بەدیدەکرێت! ئەم دادگایە نوێیە و زۆر لەو جودایە. سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نییە[14]! بەڵام بەشێوەیەکی ناوکۆیی هەندێک ڕێکار و ڕێسای کارەکانی ئەو ڕێکخراوە بەکاردێنێت. دادگاکە هەموو دەوڵەتانی جیهان تێیدا ئەندام نین. لەوانە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لەو دەوڵەتانەن کە دانی پێدانانێن. ئەم دادگایە ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا و لاهای کایەی کارکردنییەتی. دادگایەکی "پسپۆڕ"ە "یان دەیەوێت پسپۆڕ بێت" لە جینۆساید و تاوانی جەنگدا[15]. هیچ کامێک لە داگیرکەرانی کوردستان لەم دادگایەدا ئەندام نیین. دادگاکە هێشتا لە دروستبوونیدایە و نەیتوانیوە تائێستا هیچ کەیسێک یەکاڵابکاتەوە. چەندین لێکۆڵینەوەی تاوانی لە کەیسەکانی ئۆگەندە و دارفۆڕدا کردووە بەڵام هێشتا هەر بەردەوامە. زۆرێک لە چالاکوانانی کەیسی ئەنفال و پاشتریش شنگال پێیانوایە کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەتوانێت کارێک بۆ ئەم کەیسانە بەتایبەتی شنگال بکات. ئەمە ریسکێکی زۆر گەورەیە، چونکە دادگاکە لە کارەکانیدا زۆر سستە و هێشتا شارەزاییەکی واهیی لە دادگاییی کەیسەکانی جینۆساید و تاوانی جەنگدا پەیدانەکردووە!
- **دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی یۆگۆسلاڤیای پێشوو – ICTY؛** دادگایەکی نێودەوڵەتیی تایبەتە بە ڕووداوەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو. ساڵی ١٩٩٣ لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دامەزرا[16]. کایەی

---

[13] The Statute of the International Court of Justice, United Nations.

[14] ئەم تێکەڵی و ناحاڵیبوونەی هەندێک لە وتارە کوردییەکان تەنها لە ناو و جۆری کارەکانی ئەم دوو دادگایەدا نییە! بەڵکو تەنانەت هەردوو تاوانی جینۆساید و تاوانی جەنگیش تێکەڵدەکەن کە دوو تاوانی جودان و پێناسەی یاسایی و لۆژیکیی جودایان هەیە. هەندێکجار هەندێک تاوانی جەنگیش دەبێتە جینۆساید وەک بەکارهێنانی چەکی کیمیایی جگەلەوەی قەدەغەکراوە و سەرپێچییە لە یاسای جەنگ، دەبێتە هۆی قڕکردنی خەڵکانێکی زۆر. بەڵام ژەهرخواردکردنی کەمینەیەکی ئەتنی بەهۆی ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوەوە لە ناوچەیەکدا، دەبێتە کۆکوژی و جینۆساید، کەچی تاوانی جەنگ نییە! ئەگەر لە کاتی جەنگدا ڕوونەدابێت.

[15] Rome Statute of the International Criminal Court, Published by the International Criminal Court, ISBN No. 92-9227-227-6

[16] Security Council, Resolution 827 (1993). Adopted by the Security Council at its 3217th meeting. on 25 May 1993

کاری دیسانەوە شاری لاهایە و پێشتریش لە زاگرب و سەراییڤۆ ئۆفیسی هەبووە. دەیان کەیسی جینۆساید و تاوانی جەنگی "چارەسەر"کردووە. گرنگترین کەیسەکانی تاوانباران: میلۆسۆڤیچ، رادکۆ ملادیچ، رادۆڤان کارادیچ، گۆران هەجیچ و زۆری تر بوون. دادگاکە بەرەو تەواوبوون دەچێت. چەند خزمەتی بە قوربانییانی جەنگەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو کردووە؟ پرسیارێکە و پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە. ئەم دادگایە ئەگەرچی نێودەوڵەتییە و سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام ناتوانێت سەیری هیچ یەکێک لە کەیسەکانی شنگال و ئەوانی تر بکات، چونکە تایبەت بە رووداوەکانی یۆگۆسلاڤیای پێشووە.

- **دادگای تایبەت بە لوبنان – STL؛** دادگایەکی ناوکۆییی نێوان دەوڵەتی لوبنان و نەتەوەیەکگرتووەکانە. ساڵی ٢٠٠٩ دامەزراوە. کایەی کاری شاری لاهایە لە هۆڵەندا. دادگاکە لێکۆڵینەوە و دادگایی لە ئەنجامدەرانی تیرۆرکردنی رەفیق حەریریی سەرۆکوەزیرانی لوبنان و دەیان لە هاوکاران و پاسەوانانی دەکات[17]. ئەم دادگایەش ئەگەرچی نێودەوڵەتییە و سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام ناتوانێت سەیری هیچ یەکێک لە کەیسەکانی شنگال و ئەوانی تر بکات، چونکە تایبەتە بە رووداوی تیرۆرکردنی سەرۆکوەزیرانی پێشووی لوبنان و هاوکارانی.
- **دادگای تاوانی نێودەوڵەتیی رواندا – ICTR؛** دادگایەکی نێودەوڵەتیی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە. ساڵی ١٩٩٤ بۆ دادگاییکردنی کۆمەڵکوژیی رواندا دامەزراوە. کایەی کاری شاری "ئەڕوشا"ی وڵاتی تەنزانیایە[18]. بنکەیەکیشیان لە شاری لاهای هەیە. ئەم دادگایە زۆرێک لە کارەکانی "تەواو"کردووە. ئەم دادگایەش ئەگەرچی نێودەوڵەتییە و سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانە، بەڵام ناتوانێت سەیری هیچ یەکێک لە کەیسەکانی شنگال و ئەوانی تر بکات، چونکە تایبەتە بە رووداوەکانی رواندا.
- **دادگای تایبەت لە کەمبۆدیا – ECCC؛** دادگایەکە کە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیریی دەکات. ساڵی ٢٠٠٤ دامەزراوە. ئامانجی دادگاییکردنی تاوانبارانی رژێمی پۆلپۆتی کۆمۆنیستە کە بە خمێری سوور ناسرابوو لە کەمبۆدیا. کایەی کاری شاری نۆم پێنی پایتەختی ئەو وڵاتەیە[19]. گرنگترین دادگاییی ئەم دادگایە هی تاوانبار "دویچ"ە کە سەرۆکی زیندانی بەناوبانگی ئێس-٢١ بوو و ئێستا بووەتە مۆزەخانەی تاوانەکانی پۆلپۆت و دەکرێت سوودێکی زۆری لێ ببینرێت بۆ دروستکردنی مۆزەخانەی کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان لە شنگال[20]. دیسان ئەم دادگایەش ئەگەرچی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشگیریی لێدەکرێت، بەڵام ناتوانێت سەیری کەیسی کۆمەڵکوژیی شنگال بکات چونکە تایبەتە بە رووداوەکانی کەمبۆدیا.

ئەوانە گرنگترینی ئەو دادگا نێودەوڵەتییانەن کە دوای هەردوو دادگای نۆرنبێرگ و تۆکیۆ دامەزراون[21]. ئەم دادگایانە دەکرێت سوودی زۆریان لێببینرێت و بەشێوەیەک لە شێوەکان خزمەتی دۆزی شنگال بکەن.

[17] Security Council, Resolution 1757 (2007) Adopted by the Security Council at its 5685th meeting, on 30 May 2007

[18] Statute of the International Tribunal for Rwanda, Security Council, 1994.

[19] Law on the Establishment of the Extraordinary Chambers, with inclusion of amendments as promulgated on 27 October 2004 (NS/RKM/1004/006)

[20] دەروازەیەک بۆ کەمبۆدیا، هاوڕێ باخەوان، رۆژنامەی میدیا، ژمارە ٣١٩، ١٧-١٢-٢٠٠٧، لاپەرە ١٣، کوردستان، هەولێر.

[21] کورتەباسێکی تێپەڕ دەربارەی دادگا نێودەوڵەتییەکان، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٨٩، دیسەمبەری ٢٠١١، لاپەرە ٥٣.

# چۆن شنگال بکرێتە "دوا"یەمین ئەنفالی کورد؟

کورد، کەموزۆر ویستویەتی بەهۆی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەوە دۆزی خۆی بەرەوپێش بەرێت. ئەم هەوڵانە لەم شێوانەی خوارەوەدا خۆیی بینیوەتەوە:

- **هەوڵی تاکەکەسی؛** خۆی لەو کتێب و لێکۆڵینەوانەدا دەبینێتەوە کە زۆرینەی هەرە زۆریان لەلایەن خودی کوردەوە نووسراون. ئەم لێکۆڵینەوانە زۆربەیان شێوازی گێڕانەوەن و بەزمانی کوردی نووسراون. ئەگەرچی بوونەتە زانیاریگەلێکی زۆرباش بۆ ئەو کارەساتانەی کە روویانداوە، بەڵام نەیانتوانیوە بگەنە جیهانی دەرەوە لەبەرئەوەی بە زمانێک نووسراون کە خەڵکی دەرەوە تێیان ناگات. پەرتووکەکانی "رەشەبای ژەهر و ئەنفال"ی "عەبدوڵڵا کەریم مەحمود" و ئەوانەی "عارف قوربان"ی دەکرێت نموونەیەکی باش بن بۆ ئەم هەوڵە تاکە کەسییانە.[22]
- **هەوڵی رێکخراوەیی؛**

1. **رێکخراوە مەدەنییەکان:** ئەو رێکخراوانەن کە لە "دەرەوە"ی حیزبە کوردستانییەکان گرنگییانداوە بە کارەساتی ئەنفال و چ لە ناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوە هەوڵی بەجینۆسایدناساندنی ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، سەردەشت و ناوچەکانی تریان داوە. رێکخراوی کوردۆساید-چاک یەک لە چالاکترینی ئەو رێکخراوانەیە. ئەم رێکخراوە لە هۆڵەندا رۆڵی بەرچاوی لە چاودێریکردنی تاوانبار "فرانس ڤان ئانرات"دا هەبوو کە یەکێک بوو لەو بازرگانانەی چەکی کیمیایی بۆ رژێمی سەددام پەیداکردبوو[23].

---

[22] رەشەبای ژەهر و ئەنفال - بەرگی 1 و ٢، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ٢٠٠٩، باشووری کوردستان
هەروەها ئەمانە چەند نموونەیەکن لە کتێبەکانی عارف قوربانی:

- ئەنفالی هەڵەبجە... زارا
- ئەو سایەق شۆفلەی بەشێک لە ئەنفالکراوەکانی داپۆشی
- تەیمور تاکە رزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵی ژن و مناڵە ئەنفالکراوەکان
- حەپسە؛ شایەتحاڵی کیمیاباران و ئەنفالی هەڵەبجە
- شایەتحاڵەکانی ئەنفال - بەرگی 1
- شایەتحاڵەکانی ئەنفال - بەرگی 2
- شایەتحاڵەکانی ئەنفال - بەرگی 3
- عوزێر
- فەرەج
- گەلاوێژ؛ شایەتحاڵی کیمیاباران و ئەنفالی هەڵەبجە
- گەڕانەوە بۆ کەرکوک
- لە ئۆم رێعانەوە بۆ تۆپزاوا - ئەو سایەق شۆفلەی بەشێک لە ئەنفالەکانی داپۆشی
- لە تۆپخانەوە بۆ عەرعەر
- لەبارەی گۆڕی بەکۆمەڵی مناڵە ئەنفالکراوەکانەوە

[23] "Anfal" The Iraqi State's Genocide Against the Kurds, The Center of Halabja against Anfalization and genocide of the Kurds (CHAK), 2007

شایانی باسە ئەم رێکخراوە هەوڵی زۆریدا بۆ ئەوەی رۆژی ١٤ی ئاپریل بکرێتە رۆژی ئەنفال لە کوردستاندا و ئێستا هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا یادی ئەنفال دەکرێتەوە.

2. **ڕێکخراوە حیزبییەکان:** ئەم ڕێکخراوانە بەگشتی هەریەک لەلای خۆی کاری لەم کەیسانەدا کردووە، زۆرێک لەو کارانە لە دەرەوەی وڵات بوون. ئەم هەوڵانە لەبەرئەوەی پسپۆڕانە نەبوون و زۆرتر لە ڕوانگەی حیزب و بەرژەوەندیی حیزبییانەوە لەم کەیسانەدا کارکراون، هەربۆیە هەندێکجار ئەم هەوڵانە زیانی زۆرتر بووە لە سوود! زۆرینەی ئامارە ناڕاستەکانی ئەنفال لەلایەن ئەم لایەنانەوە داتاشراون بەبێ ئەوەی هیچ پاڵپشت و سەرچاوەیەکی زانستییان بۆی هەبێت.

- **هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم؛** ساڵانێکە حکومەتی هەرێم لەڕێی وەزارەتی ئەنفال و شەهیدانەوە هەوڵی بەرەوپێشبردنی ئەو کەیسانەی داوە. هەوڵەکان زۆرتر ناوخۆیی بوون و بەپێی توانای داراییی ئەو وەزارەتە شانبەشانی مانگانەی بنەماڵەی شەهیدان مانگانەش بۆ بەجێماوانی ئەنفالکراوان بڕیوەتەوە. ئەمە ئەگەرچی وەک پێویست نەبووە بەڵام کەمێک بۆ ئەو بەجێماوانە یارمەتیدەربووە. بەڵام ئەم وەزارەتە نەیتوانیوە کەیسەکانی ئەنفال و هەڵەبجە وەک جینۆساید بە جیهانی دەرەوە بناسێنێت و بەهۆیەوە دۆزی کوردیش بەرەوپێشەوە بڕوات. شانبەشانی ئەم وەزارەتە، لیژنەیەکی تایبەتیش بۆ کارکردن لەم کەیسەدا سەربە ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم دامەزراوە، بەڵام تاکو ئێستا نەگەییشتووە بەهیچ ئاکامێک.

کەیسی شنگاڵ، کەیسێکی نوێیە. ئەم کارەساتە هێشتا لە هۆشی مرۆڤایەتیدا ماوە و ڕووداوەکانی ڕۆژانە لەگەڵماندا دەژین. پێویستە وەک کەیسەکانی ئەنفال، کوردە بارزانییەکان، هەڵەبجە، سەردەشت و ئەوانی تر فەرامۆش نەکرێت و بەتایبەتی کە تاکو ئێستا هەزاران مرۆڤی کوردی ئێزدی لەلایەن داعش وەک کۆیلە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێدەکرێت. هەربۆیە دەبێت زۆر جددیتر و پرۆفیشناڵانەتر کاری بۆ بکرێت.

کارەکان دەکرێت لە دوو تەوەری گرنگدا چڕبکرێنەوە: ئەوانیش هەوڵەکانی ناوخۆ و دەرەوەی کوردستانن. هەوڵەکانی ناوخۆ دەبنە تێهاتێکی[24] گرنگ بۆ دەرهاتەکانی[25] هەوڵە دەرەکییەکان.

گەورەترین هەڵەی ڕابردوو کە نەکرا چ ئەنفال، کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان، هەڵەبجە و سەردەشت بەفەرمی لە نێو ڕای گشتیی جیهانیدا بکرێنە جینۆساید، نایەکانگیریی هەوڵە نێوخۆییەکان و دەرەکییەکان بوون و بەهۆیەوە تاکو ئێستا ئەو تاوانە کۆمەڵکوژییانە وەک پێویست بەجینۆساید نەناسراون و هۆیەکی گرنگیش بوون بۆ دووبارەبوونەوەی کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان.

---

[24] Input.

[25] Output.

## هەوڵە نێوخۆییەکان

دەوڵەتی ئیسلامی پاش داگیرکردنی شنگال و ناوچەکانی دەوروبەری، وێرانەیەکی گەورەی جێهێشت. هەموو ئەو وێرانکارییە گیانی، دەروونی و ماڵییانە دەبنە تێهاتێکی گرنگ بۆئەوەی بەشێوەیەکی راست مامەڵە لەگەڵ کەیسەکەدا بکرێت و بشبێتە خزمەتێک بۆ شنگال و کوردە ئێزدییەکان لە پلەی یەکەمدا و خزمەتێکی گرنگیش بێت بەدۆزی کورد لە پلەی دووەمدا. دروستکردن و ئامادەکردنی ئەم تێهاتانە چالەنجێکی گرنگە و بەبێ ئەوان دەرهاتە دەرەکییەکان پێکنایەن و هیچ سەرئەنجامێکی ئەوتۆمان دەستناکەوێت.

**دەکرێت تێهاتە گرنگەکان لەمانەدا کورت و چڕبکرێنەوە:**

- دامەزراندنی وەزارەتێکی تایبەت یان هەر دامەزراوەیەکی دەوڵەتیی خاوەن کەسانی تەکنۆکرات و شارەزا لە بوارەکەدا بۆ کۆکردنەوەی تێهاتەکان. ئەم وەزارەتە دەبێت خاوەن بودجەیەکی تایبەتیی خۆی بێت و بەشێوەیەکی سیستەماتیک لە پلانی چوارساڵەی دەوڵەتدا بودجەی پێویستی بۆ تەرخانبکرێت. هەڵبەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان هەیە. ئەم وەزارەتە بەپێی هەموو پێوەرەکان نەیتوانیوە کە کەیسە گرنگەکان لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا بە جیۆنۆساید بناسێنێت. شنگال و کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکانیش لەبەرئەوەی رووداوێکی نوێ و گرنگن هەربۆیە پێویستیی بە دامەزراوەیەکی تایبەت هەیە کە راستەوخۆ لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و خودی سەرۆکوەزیران بەڕێوەببرێت.
- کۆکردنەوەی تەواوی بەڵگەنامەکانی کارەساتی شنگال و دەوروبەری لە هاردکۆپی-کاغەز، وێنە، فیلم، دەنگ و ئنتەرسێپتی[26] چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی و ئامادەکردنیان لە ناوەندێکی ئەرشیڤیی تایبەت بە دامەزراوەکەوە و وەرگێڕانیان بۆ زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی و فەڕەنسی. ئەم دوو زمانەی دوایی گەلێک گرنگن کە ئەو دۆکومێنتانەمان پێیان هەبن چونکە زمانی زۆرینەی دادگا و دامەزراوە قانونی و دادییەکانی جیهانن. دۆکومێنتەکان دەبێت بەشێوەیەکی هاوچەرخ رێکبخرێن و ببەسترێنەوە بە ماشێنێکی گەڕانی دیجیتاڵییەوە. هەر دۆکومێنتێک پێناس، سەرباس و کورتە پێناسەیەک یان چەند کلیلە وشە و مێتا-داتای پێویستیان ببێت بۆ ئاسان دۆزینەوەیان. هەروەها زۆر گرنگە پرۆسەی ئۆ.سی.ئاڕ[27] لەسەر ئەو دۆکومێنتە سکانکراوانە ئەنجامبدرێن تاوەکو لە وێنەوە بکرێنە تێکست بۆ ئاسان دۆزینەوەی زانیارییەکان و ئەنجامدانی گەڕانی فوڵ-تێکست[28] تێیاندا.
- دامەزراندنی مۆزەخانەی شنگال، ئەم مۆزەخانەیە تایبەت بێت بە کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە. مۆزەخانەکە پێویستە ببێتە پیشانگایەکی گرنگی کۆمەڵکوژییەکە و زۆرینەی ئەو کەرەستانەی تێدا پێشانبدرێت کە نمایشی کۆمەڵکوژییەکە دەکەن. هەروەها لە دامەزراندنیدا سوود لە هەوڵەکانی مۆزەخانەی ئێس-٢١ی کۆمەڵکوژیی کەمبۆدییەکان، ئەمنە سوورەکەی سلێمانی، مۆزەخانەکانی کۆمەڵکوژیی جووەکان و ئەرمەن وەربگیرێت. زۆر گرنگە کە کەسایەتییەکی گرنگی کۆمەڵکوژییەکەی شنگال ببێتە کەسی یەکەمی ئەم مۆزەخانەیە، ئەگەر نەشبێتە وەزیر یان بەرپرسیاری دامەزراوەکە! لەوانە گرنگە بیر لە فیگەرێکی وەک خاتوو "نادیە موراد" بکرێتەوە کە لەم لایەنەوە بووەتە کەسایەتییەکی کوردی نێودەوڵەتیی گرنگ و بەناوبانگ بەهۆی ئەوەی کە یەکەم؛ خۆی ئێزدییە و لە کارەساتەکەدا بەدیلگیراوە، دووەم؛ دەیانجار لەلایەن پیاوانی دەوڵەتی ئیسلامییەوە

---

[26] Intercept – ئەو گفتوگۆ رادیۆ – ئامێری بێتەلانەیە کە لە جەنگدا بەکاردێن. ئنتەرسێپتەکانی چەکدارانی داعش ئەگەر تۆمارکرابێتن! دەبنە کەرەستەکی گرنگی کارەساتەکە و تێهاتێکی گرنگن بۆ کەیسی شنگال.

[27] OCR – Optical Character Recognition – تەکنیکێکی ئای تییە، دۆکومێنتی سکانکراو وەردەگێڕێتە سەر تێکست بۆ ئاسانکردنی گەڕانی فوڵ-تێکست.

[28] Full Text Search

دەستدرێژیی کراوەتەسەر. ئەم خاتوونە لە هەموو کەس باشتر دەزانێت خەمەکانی ئەو کچانە چین و دەتوانێت خزمەتێکی باشیان بکات.

- وەزارەتە نوێیەکە یان دامەزراوەکە کۆمەڵێک ئاماری دروست کۆ و بڵاودەکاتەوە. ئەم ئامارانە تایبەت دەبێت بە ژمارەی دانیشتووانی کوردە ئێزدییەکانی ناوچەکە؛ پێش کارەساتەکە، پاش کارەساتەکە، ژمارەی کوژراوان، ژمارەی بریندارا‌ن، نەخۆشکەوتووانی دەروونی بەهۆی کارەساتەکەوە، ژمارەی رفێندراوان، رەگەز، تەمەن، ژمارەی کۆچبەرە ناوخۆییەکان، ژمارەی کۆچبەرە دەرەکییەکان، باری ئابووریی ئەو ناوچانە پێش کارەساتەکە، دوای کارەساتەکە و خانووی رووخاو و زۆر ئاماری تری پێویست کە بەهەموویان تێهاتگەلێکی گرنگ پێکدێنن. لەمەدا دەبێت ئەزموونی ئەنفال و هەڵەبجە لەبەرچاو بگیرێت و ئامارەکان دووربن لە سۆزەوە و راستودروست بن! ئەگەر نا، ئەوا کەیسەکە راستەڕێی خۆی لەدەستدەدات.
- دامەزراوە تایبەتەکە، جگەلەوەی لە شنگال بنکەیەکی گرنگی دەبێت، لە شارە گەورەکانی باشووری کوردستانیش بنکەی پێویست بۆ رێکخستنی کاروباری ئاوارە کوردە ئێزدییەکان دەکاتەوە. کەسانی پسپۆڕ ئەو دۆکومێنت و کەرەستانەی لەلای ئاوارەکانە کۆدەکەنەوە کە پەیوەندیی راستەوخۆ و کاریگەریان بە کارەساتەکەوە هەیە. بەو شێوەیە دەتوانرێت تۆڕێکی زانیاری کۆکردنەوە لە هەموو لایەک کۆبکرێتەوە لە ناوەندی سەرەکیدا بپارێزرێت.
- ئەم دامەزراوە دەبێت، کوردە ئێزدییەکان لە هاووڵاتیی پلە "دو"وە بکاتەوە هاووڵاتییەکی ئاسایی. ئاشکرایە کە زۆرینەی کوردە ئێزدییەکان هەردەم کاریان خزمەتکردن بووە لە هۆتێل، رێستوراِنت، مەیخانەکان و کاری کرێکاری و جوتیارییان کردووە لە شارەکانی تری کوردستاندا. ئەمە دەبێت بگۆڕدرێت و ببنەوە هاووڵاتییە ئاساییەکە و باشتر وێناکردنی کەسایەتیی کوردی ئێزدی لەلایەن هاوزمانە کوردە موسڵمانەکانەوە[29]. ئەمە زۆر گرنگە تاکو چیدی کوردە ئێزدییەکان وڵات جێنەهێڵن و بە کوردستان ئاشتبکرێنەوە[30]. لەوانەیە هەبن ئەم خاڵەیان بەلاوە "سەیر" یان گرنگ نەبێت! بەڵام ئەمە راستینەی بارودۆخ و ئاستی کۆمەڵایەتیی کوردە ئێزدییەکانە لەلایەن کوردە نائێزدییەکانی هاوزمانیانەوە!
- دەیان ساڵە کوردە ئێزدییەکان بەدوای هەلی کاردا لە باشووری کوردستان بڵاوبوونەتەوە. ئەمانە جگە لە ناوچەکانی خۆیان بەتایبەتی شێخان و شنگال لە هیچ شوێنێکی تری باشووری کوردستاندا هیچ پەرستگایەکی تایبەت بەخۆیان نییە! شارێکی وەک سلێمانی دەیان هەزار کوردی ئێزدیی تێدایە و تاکە ژوورێکیش تایبەتنەکراوە تا سروتەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن. ئەم دامەزراوە دەبێت کوردی ئێزدی و ئایینی کوردی ئێزدی بکاتە دیاردەیەکی بەرچاوی هەموو کوردستان و لە شارە گەورەکانی وەک هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک و ئەوانی تر پەرستگای تایبەت بە کوردە ئێزدییەکان بکاتەوە. ئەمە کارێکی زۆر گرنگە و هەستێکی واهی دەداتە کوردە ئێزدییەکان کە تەنها شنگال و شێخان زێدی ئەو نین بەڵکو سلێمانی و دهۆکیش بۆ ئەوان هەمان نیشتمانن کە دەتوانێت مەلەک تاوسی تێدا دابنرێت و ئاگرە پیرۆزەکانیانی تێدا بکەنەوە. پێویستە بەرێککەوتن لەگەڵ لالش و میری کوردی ئێزدییان بۆ هەریەک لەو پەرستگایانە پیر، قەوال و موریدی کوردی ئێزدی دابنرێن. لەڕاستیدا ئەمە

---

[29] لە هەندێک ناوچەی کوردستان گەر کوردێکی ئێزیدی بۆ نموونە گاوان بێت، خەڵکی شیری مانگاکان ناکڕن و بە "حەرام"ی دەزانن! ئەمە وێنایەکی زۆر ناشرینە کە دراوە بە کوردە ئێزیدییەکان و دەبێت کاری گرنگ لەسەر باشترکردنی باری کۆمەڵایەتییان لەناو کوردستاندا بکرێت.

[30] پێویستە موجامەلەی هەرزانبەهای کوردە ئێزیدییەکان لەلایەن هاوزمانە کوردە نائێزیدییەکان کۆتایی پێبێت، بەوەی کە کوردی رەسەنن و ئایینەکەشیان ئایینی رەسەنی کوردییە! بەڵام هیچ هەڵسوکەوتێکی کوردە نائێزیدییەکان بەو شێوەیە نییە و بەگشتی بەشێوەیەکی ئاسایی مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت!

دەبووایە ساڵانێک لەمەوبەر لەلایەن وەزارەتی ئەوقافەوە بیری لێبکرایەتەوە و ئەو پەرستگایانە دابمەزرابانایە. چۆن دەبێت لە شارێکی وەک سلێمانی ناوەند و پەرستاگای زەردەشتییان هەبێت کە دینێکی تازەیەک لەناوچووی کورد بووە و کەچی ئەو هەموو کوردە ئێزدییە لەو شارەدا خاوەنی پەرستگایەکی تایبەت بەخۆیان نەبن؟! کردنەوەی ئەو پەرستگایانە لە قولاییی باشووری کوردستاندا کوردە ئێزدییەکان لەو پەرگیرییە دێنێتەدەرەوە کە دانیشتوانێکی تەریکی فەرامۆشکراوی باشووری رۆژئاوای باشووری کوردستان بن! ئەوکات زۆرتر وابەستەدەبن بەو شار و ناوچانەی ترەوە کە تێیاندا نیشتەجێن. **تەنانەت دەبێت بیرلەوەش بکرێتەوە کە لە وڵاتێکی وەک ئەڵمانیا کە ژمارەیەکی زۆری کوردی ئێزدیی تێدایە پەرستگایەکی تایبەت بکرێتەوە**. لەمەوە دەکرێت سوود لە شارەزاییی عەرەب و هیندۆسەکان وەربگیرێت کە چۆن لە زۆر شوێنی ئەوروپا و کیشوەرانی تر، مزگەوتێک یان تێمپڵێکی هندۆسەکانیان دروستکردووە و پەیڕەوکارانی ئەو ئایینانە بۆ پیادەکردنی سرووتە ئایینیی و چالاکییە کۆمەڵایەتی و "خێرخوازی"یەکانیان بەکاریاندێنن.

- پاش رزگارکردنی شنگال هەندێک گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە. ئەم گۆڕانە یەکێکن لە گرنگترین کەرەستەکانی کۆمەڵکوژیی شنگال. دەبێت کەسانی پسپۆڕ لێکۆڵینەوە لەم گۆڕانەدا بکەن. هەندێک لە بەجێماوە نەناسراوەکانی ئەم گۆڕانە لە ساردکەرەوەدا هەڵبگیرێن وەک بەڵگەی تاوانەکان بپارێزرێن. زۆر گرنگە کەرەستەی تاوانەکان هەڵبگیرێن، لەوانە فیشەک و قەوانەفیشەک. ئامارێکی دروستی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە بکرێن؛ چەندن، چەند کەسی تێدا کۆمەڵکوژکراوە، ناویان، رەگەزیان، تەمەنیان و زۆر داتای تریان لەسەر کۆبکرێنەوە. زۆر گرنگە هەندێک لەو کەرەستە بەجێماوانەی ناو ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە لە مۆزەخانە تایبەتییەکە نیشانبدرێن و بە زمانە جیاوازەکان لەسەریان بنووسرێن.
- تاوانباران و بەشدارانی کارەساتی شنگال دەستنیشانبکرێن، بەپێی ناو و رەگەزنامەیان پۆلێنبکرێن. ئەو عەرەبە هاوردانەی ناوچەی شنگال و زوممار کە یارمەتیی دەوڵەتیی ئیسلامییان دا و لەو تاوانەدا بەشدارییانکرد دەستنیشانبکرێن.
- ئەو دیلانەی لە دەستی دەوڵەتی ئیسلامی رزگارکراون، بارێکی دەروونیی خراپیان هەیە. ئەمانە بەبێ هیچ چارەسەرێک یان تراپییەکی دەروونی خراونەتە کامپی پەناهاندەکان و تێکەڵی کۆمەڵگا کراونەتەوە! زۆر پێویستە کلینیکی دەروونی بۆ ئەم دیلە رزگارکراوانە بکرێتەوە و لەباری دەروونییان بکۆڵدرێتەوە و مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت و هەوڵی دوبارە "ئاسوودە"یيان بدرێتەوە. لەمەدا جوولەکەکان زۆر سەرکەوتووانە تراپیی دەروونییان بۆ زۆر لە قوربانییان ئەنجامدا و یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆیان تاوەکو ئاسوودەببن و بەئاسایی تێکەڵی کۆمەڵگەی جوو ببنەوە. زۆر باش دەبێت شارەزایی و ئەزموونی جوولەکەکان لەم سێکتەرەدا لەبەرچاو بگیرێت.
- زۆر گرنگە زنجیرەیەک فیلمی سینەمایی و فیلمی بەڵگەنامەیی لەسەر کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، فەڕەنسی و هی تر بکرێت و بەردەوام لە بنکە تایبەتەکان و مۆزەخانەی شنگال پیشانبدرێن. ئەو فیلمانە دەبێت بەشێوەیەکی وا پرۆفێشناڵ دروستبکرێن کە تەلەڤزیۆنە جیهانییەکان پیشانی بدەن و بەهۆیەوە رای گشتیی جیهانی بە کۆمەڵکوژییەکە ئاشنابکرێت. دیسان لەمەشدا زۆر گرنگە کە شارەزایی و ئەزموونی جوولەکەکان لەبەرچاو بگیرێت کە هەزاران فیلمی سینەمایی و فیلمی بەڵگەنامەییان لەسەر هۆلۆکۆست دروستکردووە و رۆڵی گرنگی لە پێشخستنی دۆزەکەیان هەبووە. بۆ نموونە تەنها لەسەر "ئانا فرانک" دەیان و زۆرتر فیلم و فیلمی بەڵگەنامەیی هەیە. بەدڵنیاییەوە هەر کچە کوردێکی ئێزدی ئانا فرانکێکی سەدەیەکی دواترە و ئەویش مافی ئەوەی هەیە جیهان بیناسێت و بزانێت دەوڵەتی ئیسلامی چیی بەسەرهێناوە.
- وەک تێهاتێکی ناوخۆیی گرنگ، زۆر پێویستە پەرلەمانی کوردستان بەفەرمی دان بە جینۆسایدی هۆلۆکۆست، قەتلوعامی ئەرمەنییەکان، جینۆسایدی گەلانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو، رواندا، دارفۆر،

جینۆسایدی رژێمی خمێری سوور بۆ کەمبۆدییەکان و زۆری تر بنێت. ئەمە گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەو ولاتانە وەک مامەڵەی بەرانبەر زووتر دان بە جینۆسایدی کوردە ئێزدییەکاندا دەنێن.

- ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینیی کوردە ئێزدییەکان و کۆمەڵگوژییەکانی شنگال و دەوروبەری بکرێنە بەرنامەی خوێندن و لە تەواوی خوێندنگاکانی کوردستاندا بخوێنرێن.
- هەر زانکۆیەک کە کۆلیژی زانستە مرۆڤییەکانی تێدابێت، ساڵانە لە تیزێکی ماستەر یان دکتۆرا لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینیی و کۆمەڵکوژی کوردە ئێزدییەکان یان هەر ماددەیەکی تری پەیوەندیدار بە کوردە ئێزدییەکانەوە ئامادەبکات.
- زاراوەی "ئێزدی" بەتەنها لە هیچ نووسراوێکی فەرمیدا بەکارنەهێنرێت. پێویستە نووسراوە حکومییەکان، لێکۆڵینەوەکان و میدیاکان کاتێک باسی کوردی ئێزدی دەکەن هەمیشە دەستەواژەی "کوردە ئێزدییەکان"، "کوردی ئێزدی" یان "ئایینی کوردی ئێزدی" بەکاربهێنن. ئەمە کوردە ئێزدییەکان زۆرتر ئاسوودەدەکات کە بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەی کوردی و خاکی کوردستانن.

**هەوڵە دەرەکییەکان**

پاش ئامادەکردنی تێهاتەکان، دەکرێت دەست بە پیادەکردنی دەرهاتەکانی پرۆسەکە بکرێت. ئەم دوو لایەنە دوو پرۆسەی پێکداهەڵپژاون و هیچیان بەبێ ئەوی تریان ئەنجامێکی کارا بەدەستەوە نادەن! دەشێت هەندێک لە دەرهاتەکان هاوتەریب لەگەڵ تێهاتەکاندا ئامادەبکرێن.

**دەکرێت دەرهاتە گرنگەکان لەمانەدا کورت و چڕبکرێنەوە:**

- لایەنە ناوخۆییەکان بەو دامەزراوەیشی کە بۆ کەیسی شنگال دێتەکایەوە، نەبنە رووکاری دەرهاتەکان. پێشتر بۆمان دەرکەوت ئەو کەس و رێکخراو و لایەنانەی لە کەیسەکانی ئەنفال، هەڵەبجە و ئەوانی تردا بە خۆبەخش یان بەفەرمی کاریاندەکرد لەبەرئەوەی لە بابەتەکەدا پرۆفیشناڵ نەبوون، نەیانتوانی هیچ سەرئەنجامێکی ئەوتۆ بەدەستەوەبدەن. لەجیاتی ئەمە دامەزراوەکە چەند بریکارێکی یاسایی نێودەوڵەتی کە لە رێکخراوێک یان نووسینگەیەکی قانونیی نێودەوڵەتیدا خۆیان دەنوێنن بۆ ئەم مەبەستە رابسپێردرێت. ئەم رێکخراو-نووسینگە یاساییە نێودەوڵەتییە کە خاوەن ئیمیجێکی باشە لە ناوەندە یاساییە نێودەوڵەتییەکاندا بەرامبەر پاداشتێکی دیاریکراو لەلایەن دامەزراوە حکومییەکەوە ساڵانە کار لە کەیسەکەدا دەکات. کاری دامەزراوە ناوخۆییەکە تەنها پێشکەشکردنی تێهاتەکان و دابینکردنی بودجە و هەماهەنگی و چاودێریکردنی کارەکانە[31].
- کردنەوەی بنکەیەک بۆ ناساندن و جێبەجێکردنی کاروباری کارەساتی شنگال و ئاوارە کوردە ئێزدییەکان لە ئەوروپا. ئەم بنکەیە سەربە هەمان دامەزراوە حکومییەکە دەبێت و کاریشی پێشکەشکردنی تێهاتەکان و دابینکردنی بودجە و چاودێریکردنی کاروبارەکانی نووسینگە یاساییە نێودەوڵەتییەکە دەبێت. شارێکی وەک لاهای لە هۆڵەندا بووەتە ناوەندێکی نێودەوڵەتی بۆ دادگاکان و بە شاری دادپەروەریش ناوی دەرکردووە. گرنگە ئەم بنکەیە لە شارێکی واهیدا بکرێتەوە و ببێتە پردێک لەنێوان حکومەتی هەرێم و نووسینگە نێودەوڵەتییەکە بۆ رێکخستن و هەماهەنگیی تەواوی کارەکان. هەمان بنکە دەتوانێت وەک باڵوێزخانەیەک بۆ کارەساتەکانی شنگال، ئەنفال، کوردە بارزانییەکان، هەڵەبجە و کۆکوژییەکانی تریش بەکاربهێنرێت. بەشێوەیەک هەر کەسێکی بێگانە بیر لە جینۆسایدی کورد بکاتەوە یەکسەر ئەم ناوەندەی بکەوێتە بیر و وەک ژێدەرێکی فەرمی بۆ لێکۆڵینەوە بەکاریبهێنێت.
- هەموو ئەو کەرەستانەی کۆکراونەتەوە و بەشێکی گرنگی تێهاتەکانن، بەشێوەیەکی هاوچەرخ بڵاوبکرێنەوە و لە بنکە و پەرستگاکانی کوردە ئێزدییەکاندا بەزمانەکانی کوردی، ئینگلیزی و فەرەنسی پیشانبدرێن و بڵاوبکرێنەوە.
- بەستنی کۆنگرەیەکی ساڵانە لە دەرەوەی وڵات کە شێوازێکی نێودەوڵەتیی ببێت لەسەر کارەساتی شنگال و تاووتوێکردنی بژاردەکانی بەجینۆساید ناساندنی. هەروەها لەم کۆنگرەیەدا کارە تەواوکراوەکانی نووسینگە نێودەوڵەتییەکە بخرێتە بەر باسوخواس و تێهات و دەرهاتەکانی تەواوی پرۆسەکە تانوپۆبکرێت. لە کۆنگرەکەدا هەرجارە و چەند پانێڵێکی گرنگ بخرێتە بەر باس و دیبەیت کە چارەسەری لایەنە کۆمەڵایەتی، دەروونی، گوزەرانی و هتد بەجێماوانی کارەساتەکە بکات. لەم کۆنگرەیەدا شنگال و کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان شاباسەکان بن و هەرجارە و لەسەر ئەنفال، کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە و ئەوانی تریش لێکۆڵینەوە و پانێل بگیرێت.

ئەگەر هەردوو تێهات و دەرهاتەکان بەشێوەیەکی رێکوپێک ئەنجامبدرێن، بەدڵنیاییەوە رای گشتیی جیهانی زۆرتر بەلای کەیسی شنگالدا رادەکێشرێت.

---

[31] پرسی جینۆساید و بەنێودەوڵەتیکردنی، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند، ژمارە ١٠٣، مانگی ئاپریلی ٢٠١٣، لاپەڕە ٥٣.

**هەڵبەت دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتیی تایبەت بە کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان کارێکی گران یان لەوانەیە ئەستەم بێت لەبەر کۆمەڵێک هۆی سیاسی، تەکنیکی و ئابووری:**

- ئەو ناوچانەی کە کوردی ئێزدینشین بوون و کۆمەڵکوژییەکەی تێداکراوە بەفەرمی دەکەونە دەرەوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. حکومەتی هەرێمیش لە رووی یاسابییەوە بەشێکی ئێراقە، داواکردن و دامەزراندنی دادگایەکی لەو جۆرە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نییە، بەڵکو لەڕووی یاساییەوە مافێکی ئێراقییە. دیارە ئێراقیش داواکارییەکی لەوجۆرە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناکات. ئەگەر بیشیکات ئەوا بەدڵنیاییەوە نە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نە نەتەوە یەکگرتووەکانیش داواکەی بەجددی وەرناگرن! چونکە پێگەی ئێراق لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وڵاتێکی زۆر گەندەڵ، لاواز و خراپە. پێشتریش دادگای باڵای تاوانەکان هەوڵی بچووککردنەوەی کەیسەکانی ئەنفال، کۆمەڵکوژیی کوردە بارزانییەکان و هەڵەبجەی دا. بەوەی سەرەکیترین تاوانبار کە سەددام حسێن بوو لەسەر کەیسێکی بچووکی وەک دوجەیل سزادرا! نەک لەسەر کەیسە گەورەکانی کورد.
- پاش دادگاییەکانی نورنبێرگ و تۆکیۆ، دادگا نێودەوڵەتییەکانی تر باندۆرێکی ئەوتۆیان لەسەر چارەسەرکردنی کەیسەکان و گەڕاندنەوەی مافی قوربانییەکان نەبووە! هەربۆیە گومانێکی زۆر بەرانبەر ئەو دادگا نێودەوڵەتییانە هەیە. زۆرینەی هۆکارەکانی دامەزراندنی ئەو دادگایانە سیاسی بوون نەک چارەسەرکردنی تاوانی جینۆساید. دادگای نێودەوڵەتی نوێنەری دادپەروەریی نێودەوڵەتییە، دادپەروەریش تەنها دادگاییکردنی تاوانباران نییە! بەڵکو ئاسوودەکردن و خۆشگوزەرانکردنی قوربانییانی دەستی ئەو تاوانبارانەیە.
- دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بودجەیەکی زەبەلاحی دەوێت، لەم قەیرانە ئابوورییە جیهانییەدا ئاسان نییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەبێت بۆ کردنەوەی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ کارەساتی شنگال. بۆ نموونە دادگایەکی نێودەوڵەتیی وەک ئەوەی یۆگۆسلاڤیای پێشوو ساڵانە پێویستیی بە ٢٠٠ ملیۆن دۆلارە بۆ راپەڕاندنی کارەکانی[32]. ئەگەر دادگایەک بۆ کۆمەڵکوژیی شنگال بێتەکایەوە، بەدڵنیاییەوە ١٠ ساڵ زۆرتری دەوێت بۆ تەواوکردنی کارەکانی. چونکە دادگا نێودەوڵەتییەکان بە خاووخلیچکی ناوبانگیان دەرکردووە. واتە نزیکەی یەک ملیار دۆلار زۆرتر تێچووی ئەو چەند ساڵەی دەبێت. هەڵبەت لەم قەیرانەدا نە ئێراق و نە هەرێمی کوردستانیش دەتوانن ئەو تێچووە زۆرە لە ئەستۆ بگرن.
- لە دادگادا دەبێت تاوانبار و تاوانلێکراو هەبێت. ئەمانە دووان لە پایە گرنگەکانی دادگایین. لە کارەساتی کۆکوژیی ئێزدییەکاندا تاوانبار دەوڵەتی ئیسلامییە و تاوانبارانی نە دیارن، نە بەردەستن. لەبەرئەوە ئەو دادگایە لە رووی تەکنیکی یاساییەوە کارێکی ئاسان نابێت.

**مەرج نییە تەنها بەهۆی دادگایەکی نێودەوڵەتییەوە کارەساتی کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان چارەسەر بکرێت و خزمەتێک بە قوربانییانی کۆمەڵکوژییەکە و بەجێماوانی بکرێت. دەکرێت نووسینگە یاساییە نێودەوڵەتییەکان رێچارەیەکی تر بۆ ئەم کەیسە بدۆزنەوە. دەتوانرێت لەڕێی ئەو نووسینگانەوە لە زۆرینەی پەرلەمانی وڵاتان بەتایبەتی خۆرئاواییەکان کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان بە جینۆساید بناسێنرێت و ئەم دانپیادانانە خۆی لە خۆیدا دەبێتە گلۆباڵکردنی کارەساتی کوردە ئێزدییەکان و خزمەتکردن بە دۆزی شنگال و کوردستانیش بەگشتی. هەروەها هەمان نووسینگە دەتوانێت کار بۆ ئەوەبکات کە کۆمەڵکوژیی کوردە ئێزدییەکان بخاتە ناو کتێبی پەروەردەیی مێژوویی و زانستە مرۆییەکانی قوتابخانە و زانکۆکانی دەرەوەی وڵاتەوە.**

---

[32] لە دادگای میلۆسۆڤیچەوە بۆ دادگاییکردنی سەددام، هاوڕێ باخەوان، رۆژنامەی میدیا، ژمارە ١٧٩، ٢٨-١-٢٠٠٥، لاپەڕە ٣، کوردستان، هەولێر.

ناساندنی کارەساتی ئێزدییەکان بە جنۆساید لەلایەن پەرلەمانە بەناوبانگەکانی جیهان، دەکرێت بەرانبەری دادگایەکی نێودەوڵەتی بوەستێتەوە، یان ئەم ناساندنە ببێتە تێهاتێکی گرنگ بۆ دەرهاتی دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی بۆ کارەساتەکە و بەهۆیەوە زۆرتر خزمەت بە دۆز و کەیسەکانی تری جینۆسایدی کورد بکرێت.

## سوودوەرگرتن لە نەتەوە جینۆسایدکراوەکانی تر

ئاشکرایە کە کورد تاکە نەتەوە نییە جینۆساید کرابێت. بۆ نموونە جوولەکەکان چ لە مێژووی کۆنی سەردەمی بابلییەکان و سەرەتای ئیسلام و چ لە مێژووی نوێدا زۆر لە کورد خراپتریان بەسەرهاتووە. ژمارەی قوربانییەکانی ئەوان زۆر لەوانەی ئێمە زۆرتر بوون. ئەوان زۆر زیرەکانە هۆلۆکۆستیان وەک جینۆساید بەهەموو جیهان ناساند و سەدان ناوەند و مۆزەخانەیان بۆ کردەوە. بودجەیەکی زەبەلاحیان بۆ دۆزە رەواکەیان کە جینۆسایدکرنیان بوو تەرخانکرد و تەنانەت بەهۆیشییەوە سەرمایەیان پەیداکرد و سەرئەنجام سەرکەوتنیان بەدەستهێنا.

گەلێک نموونەی تری جینۆساید لە مێژووی نوێدا هەن و لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەجینۆساید ناسێندراون. بۆ دۆزی شنگال و کەیسەکانی تری ئەنفال و ئەوانی تر گرنگە شارەزایی و ئەزموونی ئەو کەیسە جیهانییانە لەبەرچاو بگیرێن و وەک تێهاتێک بۆ دۆزی شنگال بەکاربهێنرێن کە گرنگترینیان ئەمانەن:

- هۆلۆکۆستی جوولەکە لەلایەن ئەڵمانییە نازییەکان
- قەتڵوعامی ئەرمەن لەلایەن تورکەکان
- جینۆسایدی کەمبۆدییەکان لەلایەن خمێری سوور
- جینۆسایدی گەلانی یۆگۆسلاڤیای پێشوو
- جینۆسایدی دارفۆرییەکان لەلایەن عەرەبی سودان
- جینۆسایدی رواندا و کۆمەڵکوژیی هۆزی تۆتسی
- جینۆسایدی ئەندەنووسییەکان لەلایەن هۆڵەندییەکان

وەک پێشتر باسکرا، گرنگە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنی تایبەت بۆ هەریەک لەم کۆمەڵکوژییانە بکا و بەفەرمی دان بەم جینۆسایدانەدا بنێت.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە کوردییەکان

1. جیۆپۆلیتیکی کوردستان و پۆست-داعش، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، ٢٠١٦، ژمارەی سپاردن: ٣٠٩، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی
2. رەشەبای ژەهر و ئەنفال - بەرگی ١ و ٢، عەبدوڵڵا کەریم مەحمود، ٢٠٠٩، باشووری کوردستان.
3. کتێبەکانی عارف قوربانی لەسەر پرۆسەکانی ئەنفال.
4. شەهیدانی 9ی حوزەیرانی 1963، چەند لاپەڕەیەکی خوێناوی لە خەباتی گەلی کورد، کۆمەڵێک نووسەر، لە بڵاوکراوەکانی شارەوانیی سلێمانی، ٢٠٠٢
5. ئەمە لە دەرسیم روویدا؛ لە دەمی قوربانییەکانەوە، مونزور چەم، وەرگێڕ: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، 2013
6. هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان و کورد – دانانی: هاوڕێ باخەوان - چاپی یەکەم – بنکەی چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (16) - چاپخانەی روون – سلێمانی – 1999.
7. ٢٠١٤نامە - وەشانی ١ - رووداوە گرنگەکانیساڵی ٢٠١٤ یە کە رێکخراوی کوردیپێدیا بەدەستی هێناوە. ئامادەکردنی: هاوڕێ باخەوان، ساڵی وەشان – ٢٠١٥. http://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20150101161006118594
8. ئێزیدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، نووسینی: سەربەست حسێن، چاپی دوهەمی ئەم کتێبە لەساڵی 2002دا لە لایەن مەکتەبی بیرو هۆشاریەوە بڵاوکراوەتەوە.
9. ئاڵای کورد بۆچی نا؟! تاکوکەی؟!، کوورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی-رامیارییە، هاوڕێ باخەوان، چاپی یەکەم - دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم - زنجیرە (117) - 2001 - سلێمانی.
10. لە دادگای میلۆسۆڤیچەوە بۆ دادگاییکردنی سەددام، هاوڕێ باخەوان، رۆژنامەی میدیا، ژمارە ١٧٩، ٢٨-٠١-٢٠٠٥، لاپەڕە ٣، کوردستان، هەولێر.
11. دەروازەیەک بۆ کەمبۆدیا، هاوڕێ باخەوان، رۆژنامەی میدیا، ژمارە ٣١٩، ١٧-١٢-٢٠٠٧، لاپەڕە ١٣، کوردستان، هەولێر.
12. پرسی جینۆساید و بەنێودەوڵەتیکردنی، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند، ژمارە ١٠٣، مانگی ئاپریلی ٢٠١٣.
13. ئێراق، وڵاتی خوێن و دژەکان، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند.
14. کورتەباسێکی تێپەڕ دەربارەی دادگا نێودەوڵەتییەکان، هاوڕێ باخەوان، گۆڤاری نێوەند، ژمارە ٨٩، دیسەمبەری ٢٠١١.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان**


1. “Anfal” The Iraqi State’s Genocide Against the Kurds, The Center of Halabja against Anfalization and genocide of the Kurds (CHAK), 2007
2. The Statute of the International Court of Justice, United Nations
3. Rome Statute of the International Criminal Court, Published by the International Criminal Court, ISBN No. 92-9227-227-6
4. Statute of the International Tribunal for Rwanda, Security Council, 1994.
5. Security Council, Resolution 827 (1993). Adopted by the Security Council at its 3217th meeting. on 25 May 1993
6. Security Council, Resolution 1757 (2007) Adopted by the Security Council at its 5685th meeting, on 30 May 2007
7. Law on the Establishment of the Extraordinary Chambers, with inclusion of amendments as promulgated on 27 October 2004 (NS/RKM/1004/006)